لە شاری ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیاوێک هاوسەری دەکوژێت

بەگوێرەی هەواڵێکی ڕۆکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، دوێنێ سەشەممە ژنێکی گەنجی تەمەن 28 ساڵ بە ناوی "زارا شەهبازی" لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری ئیلام، ناوەندی پارێزگای ئیلام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هاوسەرکەیەوە و لە پێش چاوی منداڵە 14 ساڵانەکەی بەهۆی ناکۆکی خێزانییەوە کوژرا.

ڕۆکخراوی هەنگاو ئەوەشی خستەڕوو، زارا شەهبازی لە تەمەنی 14 ساڵی بە زۆر ناچار بە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری کراوە و قوربانی منداڵ هاوسەرییە.

ڕۆکخراوەی هەنگاو ڕایگەیاندووە، بکوژ هاوسەری تەمەن 32 ساڵی ئێم ژنە بووە و دوای ئێم تاوانە هەڵاتووە و هەوڵەکان بە دەستگیرکردنی ناوبراو دەستیپێکردووە.